گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هەلوێستی ئالوبەیت لە پشتگیریکردنی خەلیفەکانی ڕاشدین ستایشکردنیان(ﷺ)

**پ.د .أحمد میرزا میرزا**
بەشی مێژوو, کۆلیژی ئاداب , زانکۆی صەلاحە دین، هەولێر، کوردستان- عێراق
argushy@gmail.com

**صدرالدین مصطفی قادر**
مێژوو, ئاداب , سلاح الدین، هەولێر، کوردستان- عیراق
Sadraldin.qader@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:٢٠٢٣/١/١٥**
**پەسەندکردن:٢٠٢٣/٢/٢٦**
**بڵاوکردنەوە:بەهاری٢٠٢٤**

**ووشە سەرەکییەکان**
*Caliphs, prophet, Attitude, Successor, Islamic,*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.1.10

**پوختە**

توێژینەوەکە لە ژێر ناونیشانی(هەلوێستی ئالوبەیت لە پشتگیریکردنی خەلیفەکانی ڕاشدین ستایشکردنیان) ، باس لەو پەیوەندییە خۆش ویستن و ستایشکردنی خەلیفەکانی ڕاشدین دەکەین کە لە لایەن ئالوبەیتەوە هەبووە، خۆشەویستی خەلیفەکانی ڕاشدین و سوزداری پەیرەوکردنی ئاکار و ڕەفتارەکانیان یەکێکە لە ئەرك و فەرمانەکانی سەرموسڵمان جگە لەوەش پێویستە باس لەو کێشە و گرفتانە نەکرێت کە لە نێوان هاوەڵاندا ڕوویان داوە بەڵکو پێویستیە باس لە ئاکارو ڕەوشتە باشەکانیان بکرێت، ئەم پرنسیپانەش ئەندامانی ئال و بەیت زانیویانە ودرکیان پێ کردووە و بەباشی پەیرەویان لێ کردووە و لە هەڵویستەکانیاندا بەرجەستە یان کردووە ، بەلام دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر(ﷺ)، کێشەك دورست لەسەر هەلبژاردنی خەلیفە،زۆربەی ئەهلی سوونەت و جەماعەت أبوبکر الصدیق بە خەلیفەی یەکەمی مووسڵمانان دادەنێن، بەلام لە لایەن زۆربەی شیعەکانەوە علي بن أبي طالب و ئالوبەیت بە میراتگەری خەلافەت دادەنێن دوای پێغەمبەر(ﷺ)، بەلام ئەندامانی ئالوبەیت کۆدەنگن لەسەر وەرگرتنی خەلافەت لەلایەن أبوبکر الصدیق و عمر بن خطاب و عثمان بن عفان،

هەروەها خەلافەتی هەر سێ خەلیفەکەیانیان بە ڕاست و دورست زانیوە، ئەندامانی ئال و بەیت گوێیان بەو تانە و رەخنە و جوێنانە نەدەگرت و رەتیان دەکردەوە کە بێ رێزی بکرێت بەرامبەر خەلیفەکانی ڕاشدین، بگرە ئەوان یەکەم کەس بوون کەبەرگریان لە خەلیفەکان دەکرد، لەبەر ئەوەی خەلیفەکانی ڕاشدین باشترین و چاکترینی کەسانی ناو هاوەڵە بەرێزەکانن، کە پێغەمبەر(ﷺ)، بە هیدایەتدراوەکان ناوی بردوون ، وفەرمانی کردووە کە مووسڵمانان شوێن پێیان هەڵگرن و دەستبگرن بە خوو رەوشت و کاروکردەوەیانەوە، ئالوبەیت ئال و بەیت هاوەڵانی پێغەمبەریان زۆر خۆش ویستووە بۆیە هەمیشە پاڵپشتیان بوونە و راوێژ و ئامۆژگاریان بۆ پێشکەشی کردوونە لەبەرێوەبردنی خەلافەت ئەویش بەگوێرەی بنەما و پرنسیپەکانی قورئان و سوننەت.

## پێشەکی

ئەوپەیوەندییەی هاوەڵان بەگشتی و خەلیفەکانی ڕاشدین بەتایبەت بە ئال و بەیتەوە پێکەوە کۆ دەکردەوە، پەیوەندییەك بوو لەسەر هاوسۆزی و وەلائو خۆشەویستی دامەزرابوو، لە سەردەمی پێغەمبەرایەتی و پاش وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) لای هەموو خاوەن ویژدانێك ڕوونە، قورئانی پیرۆزیش بەدەقی ئایەت ئاماژە بەو پەیوەندییە دەکات و دەفەرموێت: ﴿مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ﴾، (الفتح: 29)،لەڕاستیدا. هاوەڵدن بەگشتی لەسەروی هەمووانەوە خەلیفەکانی ڕاشدین و ئال و بەیتی باوەڕداران پێشەنگبوون بۆ فەزیلەتی بانگەشەکردن بەرەو ڕێنمایی و هەڵگرتنی نوری ئیسلام، لەپێغەمبەرەوە (ﷺ) قورئان و فەرموودەو ڕێنمونیەکانی ئایینان وەرگرت و ئیجتیهادیانکرد لە پاراستن و تێگەیشتن لێی، پاشان گەیاندنیان بەنەوەی دوای خۆیان بەهەمان ئەو شێوەیەی کە بەخۆیان گەیشتبوو، خوای گەورە لێیان ڕازی بێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## گرینگی توێژینەوەکە:

گرینگی توێژینەوەکە لەوە دایە خوێنەر شارەزا دەبێت بەو پەیوەندیەی نێوان ئال و بەیت و خەلیفەکانی ڕاشدین هەلوێست و ستایشکردنی ئال و بەیت بەرامبەر خەلیفەکانی ڕاشدین و خۆش ویستن و بەرکریکردن لێیان ،هەروەها خەلیفەکانی ڕاشدین وەلای ڕێزیان هەبووە بۆ ئال و بەیت و بۆ بەریوەبردنی خەلافەتەکەیان هەردەم ئال و بەیت یان بە پێشەنگ زانیووە لە کارو بەرێوەبردنی خەلافەتەکەیان پرس و راوێژیان پێکردوون، تێگەیشتن و ساغکردنەوە ئەو پەیوەندیە بە شێوەێکی زانستی لۆژیکی ئەو سەردەمە مێژووییەی کە پێویستە زانیاریمان لەبارەیەوە هەبێت.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژەر لە ئامادەکردنی توێژینەوەکەدا ڕێبازی خستنەرووی زانیاریەکانی پەیرەو کردووە بەپێی سەرچاوە و دەقە مێژوویەکان و روون کردنەوەی ئەو پەیوەندیە کە لە نێوانیان دا هەبووە ، هەلوێستەکانیان خراوتەروو.

## پلانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە دوو تەوەرەو چەند باسێکی کرینك لە خۆ دەکرێت وەکولە تەوەری یەکەم باسی پێناسەی ئال و بەیت لە روو زەمانەوانی و لە ڕووی زاراوە دا پلە و پایەی لە قورئان و فەرموودە دا، لە تەوەری دووەمدا باسی هەڵوێستەکانی ئال و بەیت بەرامبەر خەلیفەکانی ڕاشدین باس کراون لە کۆتاییدا دەر ئەنجام ولیستی سەرچاوەکان خراونەتە روو.

گرنگترین ئەو سەرچاوانەی لەم توێژینەوەدا سودی لێوەرگیراوە وەکو پەرتووکی(فضائل الصحابة)ی(ابن حنبل، ت: ٢٤١هـ/ ٨٥٥م) کە بە سەرچاوەیەکی گرینك و باوەرپێکراو دادەنریت،هەروەها پەرتووکی(تأريخ اليعقوبي)ی(اليعقوبي،ت:٢٩٣هـ/٩٠٥م)،هەروەها لەگەل جەندین سەرچاوە و ژێدەری تر کە لە لیستی سەرچاوەکان خراونەتەروو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەوەری یەکەم:پێناسەی ئال و بەیت ( آل البیت ) پلەوپایەیـان لە قورئانی پیـرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) دا :

### یەکەم:پێناسەی ئال و بەیت (آل البیت) لەرووی زمانەوانیەوە:

لەفەرهەنگی معجم مقاییس اللغة دا هاتووە: ئالی پیاو ئەهلی ماڵەکەی خۆیەتی (ابن فارس،١٤٢٠هـ ، ١٦٠/١)، ابن منظور دەڵێت:" ئالی پیاو خێزانەکەیەتی، وە ئالی خودا و ئالی پێغەمبەر(ﷺ) یاوەر و یارانین، ووشەی ئال (آل) لە بنجینەدا لە (أهل)دا هاتووە ، پاشان پیتی (هـ)ە کە کراوەتە همزە بەم شێوەیە (أأل) ، لەبەر بوونی دوو همزە لە دوای یەکدی هەمزەکەی دووەم کراوتە (ألفا)" (١٤٠٥هـ ،٣٠/١١ ؛الراغب الأصفهاني،د.ت، ص٢٨).

أهل الرجل زوجه،التأهل التزوج ئالی پیاوێك مەبەستی ژنەکەیەتی، التأهل هاوسەرگیریە(الفراهیدي،١٤١٠هـ ،٨٩/٤؛ ابن فارس , ١٤٢٠هـ.، ١٦٠/١)، وە ئالو بەیت نیشتەجێبوون لەو مالەیە، ئالی ئیسلامیش ئەو کەسانەن کەسەر بەم ئاینەن و باوەریان پێتەتی(الجوهري،١٤٠٧هـ ، ١٦٢٨/٤ ؛ ابن منظور،د.ت،٢٨/١١)، ووشەکە لە مانای بەرێزوپێزدا بەکاردەهێنرێت، بەیتی پیاو خانووەکەیەتی،کۆشکەش واتە شەرەفی ئەو پیاوە دەگەیەنێت(ابن الأثیر،١٣٩٩هـ ،٨٤/١)،گەر بووترێت بەیت ووشەکە بەتەنها بەکاربهێنرێت ئەوا لەم حالەتەدا مەبەست لێی (الكعبة)یە، چونکە دڵ و ناخی مووسلمانان پێیەوە بەندە کە قیبلەیە،گەر ئەهلی بەیت لەسەردەمی جاهلیەتدا بەکاربهێنرایە مەبەس لێی قورەیشەکانن، بەلام پاش هاتنی ئیسلام مەبەست لێی خانەوەدای پێغەمبەری خودایە(ﷺ) (الراغب الأصبهاني،د.ت،ص٢٩).

کەواتە ئاڵ و ئەهل یەك مانا دەدەن بەدەستەوە، ئالی پیاویش مانای ژنەکانی و نەوە دەکەینن، هەروەك زمانەوانان ئاماژەیان پێکردووە، خودا لە قورئان دا لەسەر ژنەکی العزیز بە مێردەکەی دەڵێت: ﴿ما جَزاءُ مَنْ أَرادَ بِأَهْلِكَ سُوءً﴾ یوسف:٢٥،لێرەدا ژنەکەی العزیز مەبەستی ئەهلی خۆی بووە، هەروەها خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەربارەی موسی دەفەرموویت:﴿ إِذْ قَالَ مُوسَى لِأَهْلِهِ إِنِّي آنَسْتُ نَاراً سَآتِيكُمْ مِنْهَا بِخَبَرٍ﴾ النمل:٧، لەم ئایەتەدا ئەهلە ژنەکەی موسی پێغەمبەر لەگەڵی دابووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم: ئالو بەیت (آل البیت ) لەرووی زاراوەدا :**

بیرو رای جیاواز هەیە لە نێوان زانایان لەسەر دیاری کردنی ئاڵوبەیتی پێغەمبەر(ﷺ)، چەند ووتەو بیرو بۆچوونێکیان لەمبارەیەوە هەیە:

١- ئالوبەیت ئەوانن کە خێر و سەدەقەیان لێ حەرام کراوە کە ئەوانیش بنو هاشم و بنو المطلب بە گوێرەی رای کۆمەڵ مەبەست لە ئالو بەیت ئەو دوو بنەمالەیە (الشوکاني ،١٩٧٣، ٣٢٧/٢ ؛ ابن القیم،١٤٠٧هـ، ص١١٩)،هەندیك زانایانی تر پێیان وایە حەرام کردنی خێر و سەدەقە تەنها بنو هاشم دەکریتەوە نەك بنو المطلب(الشوکاني،١٩٧٣، ٣٢٧/٢).

٢- ئالوبەیت نەوەکانی پێغەمبەر(ﷺ)، خێزانەکانی بەتایبەتی(الشوکاني،١٩٧٣، ٣٢٨/٢).

٣- ئاڵی پێغەمبەر (ﷺ)، شوێنکەوتووانی پێغەمبەرن(ﷺ)، تا رۆژی دوایی، (الإمام النووي) لە شافعیەکان(النووي،١٣٩٢هـ،١٢٥/٤)، و( المرداوي ) لە حەنبەلیەکان ئەم بۆ چوونەیان هەلبژاردووە(علاءالدین المرداوي،د.ت،٧٩/٢ ؛ الشوکاني،١٩٧٣، ٣٢٨/٢).

٤-ئەوانەی پارێزگاری ئومەتن(ابن أبی بکر الهیثمي،١٤٠٧هـ،٢٦٩/١٠).

ابن تیمیة دەلێ: خەڵکی لەسەر دیارکردنی ئەوانەی بە ئاڵی محمد (ﷺ) هەژمار دەکرێن کۆك نین؟ وتوویانە ئومەتی پێغەمبەر(ﷺ) دەکرێتەوە، ئەمەش بۆچوونی ژمارەیەك لە هاوەڵانی مالك و أحمد و کەسانی دیکە، هەروەها ژمارەیەك لە سۆفیەکان پیان وایە ئاڵی محمد(ﷺ) پەرهێزکاری ئومەتن ئەوانیش ئەولیاکانن، راستیەکەشی ئەوەیە کە ئاڵی محمد(ﷺ) وە ئاهلی پێغەمبەرن (ﷺ)،ئەم ووتویەش لە الإمام الشافعی و أحمد گێردرایتەوە،بەڵام پرسیاریەك لە ئارەدایە ئایا خێزانەکانی پێغەمبەر(ﷺ) بە ئاڵی هەژماردەکرێن یاخود نە؟ لێرەدا دوو بۆچوون هەیە بەرامبەر ئەم پرسیارە هەیە کە لە دوو گێرانەوەدا بەرجەستە دەبن یەکێکیان دەلێت: ژنەکانی بە ئاڵی بەیت هەژمارە ناکرێت، ئەم ووتەیش لە لایەن زید بن أرقم وەگێردراوتەوە، ئەوەی دووەمیش کە راستترە و پێی وایە ژنەکانی پێغەمبەر(ﷺ) بە ئالو بەیت دادەنرێن (١٤٠٦،٧/٧٥- ٧٦؛ ابن قیم،١٠٤٧هـ،ص٢١٠).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شـعیەکان پێیـان وایە مەبەسـت لە ئـالو بەیـت هەر پێـنج هاوەلانی( کساء ) دەکـرێتەوە، کە ئەم ئایەتە دەربارەیان دابەزیووە:﴿ إِنَّمَا يُرِيـدُ اللَّـهُ لِيُـذْهِبَ عَـنْكُمُ الـرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْـتِ وَيُطَهِّـرَكُمْ تَطْهِيـرًا﴾ الأحزاب: ٣٣،ئەوانیش: (محمد و علی و فاطمة و الحسن و الحسین )،(العاملي،١٤٢٢هـ،٣٦٨/٩ ؛ مـروان خليفات،د.ت،ص١٣١ ؛ بیطار،١٤٢٢هـ،ص٥٤)،هەموویان کۆکن لەسـەر ئەوەی ئالوبەیـت محمـد و علـی و فاطمة و الحسن و الحسین دەکرێتەوە(الخليلي،د.ت، ص٢٢١).

صـالع الـورداني لە پێناسـەی ئـالو بەیـت دا دەلێـت:" ئـالو بەیـت بە گـوێرەی پێناسـەی شـیعەکان ژمارەیەکی کەمن لە وەچەی پێغەمبەر(ﷺ) کە لە فەرموودەکانـدا لە سـەر زاری ئەو ناویـان هـاتووە، مەبەستی ئایەتی (التطهیر)یش ئەمانە بوون: علی و فاطمة و الحسـن و الحسـین هەروەهـا نۆکەسـی دیکەش لە نەوەو وەچەی الحسین(١٤١٩هـ،ص٢١١).

هەروەهـا نوسـەرێکی تـری شـیعەکان دەلێـت:" پـێم وایە ئالوبەیـت ئەوانـن کە ئەهلـی( الکسـاء )دەکرێتەوە ئەوانیش: علـی و فاطمـة و الحسـن و الحسـین هەمـوو ئەوانەش کە نەوەی یەك لە دوای یەکــی فاطمــة الزهــراء و أبــي الحســنين ، مەبەســت لە ئەهلــی بەیتــیش بــنەجەکەیە نەك هاوسەرەکانی(عاشور،د.ت،ص٢٨-٢٩)،بە بۆچوونی ئەوانە بێت دایکانی باوەرداران لە بـازنەی ئەهلـی بەیت نین(المرعشي ، د.ت، ٥٦٤/٢؛ عبدالله شبر،١٤٠٣هـ،ص١٢٧-١٢٨ ؛الجندي،١٣٩٧هـ،ص٧٣ ).

**سێیەم: پلەوپایەی ئال و بەیت لە قورئانی پیرۆز دا :**

١-خـوای گەورە دەفەرمـووێ: ﴿إِنَّمَا يُرِيـدُ اللَّـهُ لِيُـذْهِبَ عَـنْكُمُ الـرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْـتِ وَيُطَهِّـرَكُمْ تَطْهِيـرًا﴾ الأحزاب:٣٣ واتە:بەراستی خوا دەیەوێ هەموو جۆرو پیسـی و گوناهێـك لە ئێـوە دووربخـاتەوە ئەی ئال و بەیتی پێغەمبەر(ﷺ) وە پاك و خاوێنتان بکاتەوە بە تەواوی(ابن کثیر،١٤٤٢٠هـ ، ٤١١/٦).

٢- خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قُلْ لَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِلَّا الْمَـوَدَّةَ فِـي الْقُرْبَـى﴾الشـوری: ٢٣،یەکێـك لە ماناکــانی ئەم ئــایەتە ئەوەیە:ئەی محمــد بلــێ مــن داوای هــیچ پاداشــتێکتان لــێ نــاکەم لەســەر شارەزاکردنی ئێوە بۆ رێگای ئیسلام تەنها ئەوە نەبێ لەگەل ئالو بەیتی من باش بن(ابن کثیر،١٤٢٠هـ ، ١٩٩/٧).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**چوارەم:پلەوپایەی ئال و بەیت لە فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) دا :**

١- پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: سێ جار فەرمووی،خواتان بەبیر دێنمەوە دەربارى خێزانەكانی من و ئالو بەیتی من، لە خوا بترسن رێزیان لێ بنێن و بێ رێزیان بەرامبەر مەكەن (( وَأَهْلُ بَيْتِي أُذَكِّرُكُمُ اللهَ فِي أَهْلِ بَيْتِي، أُذَكِّرُكُمُ اللهَ فِي أَهْلِ بَيْتِي، أُذَكِّرُكُمُ اللهَ فِي أَهْلِ بَيْتِي ))(أحمد,١٤٢١هـ,١٧/١٥٥؛ مسلم،د.ت،١٨٧٣/٤ ؛اللائكائي , ١٤٢٣هـ , ٨٧/١ ).

٢- پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ئەی خەلكینە بێكومان من لە دوای خۆم دوو شتم بۆ بەجی هێشتوون ئەگەر دەستی پێوە بگرن گومرا نابن،قورئانی پیرۆز و ئالو بەیتەكەم( ( يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي تَرَكْتُ فِيكُمْ مَا إِنْ أَخَذْتُمْ بِهِ لَنْ تَضِلُّوا: كِتَابَ اللهِ، وَعِتْرَتِي أَهْلَ بَيْتِي ))(الترمذي،د.ت ، ١٣١/٦ ).

٣- پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ئەوە چیە كەسانێك دەلێن خزمایەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) هیچ سودی نیە بۆ خزمایەتی مووسڵمانەكان لە رۆژی دوایی؟بەڵێ سوێند بەخوا پەیوەندی خزمایەتیم بە بەردەوامی هەیە لە دونیا و قیامەت(( مَا بَالُ أَقْوَامٍ تَقُولُ: إِنَّ رَحِمَ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَا تَنْفَعُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَاللهِ إِنَّ رَحِمِي لَمَوْصُولَةٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ )) (ابن حنبل،١٤٢١هـ،١٣٦/١٨ ؛أبي داود،١٩٩٩، ٦٩٩/٣).

٤-پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی:هەموو هۆكارێكی پەیوەندی هاوسەرگیر و دۆستایەتی و نەژادی دەپچرێ لە رۆژی قیامەت تەنها هۆكاری پەیوەندی نەژادی من نەبێت كە بەردوامە(( إِنَّ كُلَّ سَبَبٍ وَنَسَبٍ مُنْقَطِعٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِلَّا سَبَبِي وَنَسَبِي ))(الصنعاني، ١٤٠٣هـ ،١٦٣/٦).

٥- پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: چاكترینتان ئەو كەسەیە كە بۆ ئالو بەیتی من باش بێت لەدوای من((خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لِأَهْلِي مِنْ بَعْدِي))(الخطيب البغدادي،١٤١٧هـ ،٢٨٦/٧؛ الذهبي،١٤٢٧هـ،٣٩٦/١٨).

٦- لە أبي سعيد الخدري(ﷺ) گێردراوتەوە كە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی:سوێند بەو كەسەی گیانی منی بەدەستە هەر كەسێك رقی لە ئالو بەیتی من ببێتەوە بێ گومان خوای گەورە دەیخاتە ناو ئاگری دۆزەخ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَا يَبْغَضُنَا أَهْلَ الْبَيْتِ أَحَدٌ إِلَّا أَدْخَلَهُ اللَّهُ النَّارَ))(ابن حبان,1433هـ , 433/3؛ الحاكم،١٩٩٠، ١٦٢/٣)،إسناده صحيح على شرط مسلم، بۆ زیاتر بروانە(الضياء المقدسي،١٩٧١، ٤٠٢/٨ ؛ السمهودي، د.ت، ص ٣٤١ ؛ الألباني،د.ت، ص٦٦٨) .

## تەوەری دووەم: هەڵویستەکانی ئال و بەیت بەرامبەر خەلیفەکانی ڕاشدین :

### یەکەم: هەڵویستەکانی ئال و بەیت لە پشتگیری خەلیفەکانی ڕاشدین و خۆشەویستنیان و ستایشکردنیان:

خۆشەویستی خەلیفەکانی ڕاشدین و سوزداری پەیرەوکردنی ئاکار و رەفتارەکانیان یەکێکە لە ئەرك و فەرمانەکانی سەرموسڵمان جگە لەوەش پێویستە باس لەو کێشە و گرفتانە نەکرێت کە لە نێوان هاوەڵاندا روویان داوە بەڵکو پێویستیە باس لە ئاکارو رەوشتە باشەکانیان بکرێت، ئەم پرنسیپانەش ئەندامانی ئال و بەیت زانیویانە ودرکیان پێ کردووە وبە باشی پەیرەویان لێ کردووە و لە هەڵویستەکانیاندا بەرجەستە یان کردووە،ئەندامانی ئال و بەیت لە هاوەڵەکانی جەختیان لەسەر یەکدی کردووەتەوە وەك لەم ئایەتەدا راستێنراوە کە خوای گەورە دەفەرموویت:﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّـهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ ذَٰلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَمَثَلُهُمْ فِي الْإِنجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْأَهُ فَآزَرَهُ فَاسْتَغْلَظَ فَاسْتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِ يُعْجِبُ الزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ الْكُفَّارَ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنْهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾الفتح:٢٩ واتە: محمد پێغەمبەری خوایە، ئەوانەش کە لەخزمەتیدان و شوێنی کەوتوون توند و تیژن بەرامبەر بێباوران و بەزەیی و میهرەبانن لە نێوان خۆیان دا، دەیانبینیت سەرگەرمی نوێژو خواپەرستین، کرنۆش و سوزدە دەبن ، هەردەم ئاواتیان بەدەست هێنانی ڕەزامەندی و پایەبەرزی یە لە لای خوا، نیشانەی چاکی و پاکییان لەناوچەوانیاندا دیاریە و دە دەروشێتەوە لەئەنجامی سوزدە بردن و خوا پەرستییاندا، جا ئەو بەرێزانە ئەوە نموونە و پێناسەیانە لە تەوراتدا، نموونە پێناسەشیان لە ئینجیلیشدا وەك رووەكێك وایە، کە لەسەرەتاوە بەهێز کردبێت، پاشان ئەستوور ببێت و رابووستێت لەسەر قەدەکەی، ئەوەندە جوان بێت جوتیارەکانی سەرسام کردبێ و چاوچنۆکەکانی پێ قلس بێت، هەروەها ئەوانی خاوەن بەڵێن وئاکاری چاکن خوای گەورە بەڵێنی لێبورن پاداشتی گەورەی پێداون(ابن کثیر، ٢٠١٤، ٥/٩٤-٩٥).

علي بن أبي طالب رێز و خۆشەویستنی زۆری هەبووە بۆ أبوبکر الصدیق و عمر بن خطاب و عثمان بن عفان، هاوەڵانیش ئەم هەڵوێستەی دەگێرنەوە ئەوانەشی پاش هاوەڵان هاتن لە پەیرەو کاران هەمیشە ئاماژەیان بەم هەڵوێستانەی علی بن أبي طالب کردووە، تەواو ئاماژەیان بەوە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردووەکە علي بن أبی طالب لەسەردەمی هەرسێ خەلیفەکەدا گوێرایەڵ بووە و پشتگیری لێیان کردووە و ڕاوێژ چاك و ڕاست و دروستی پێشکەشیان کردووە هەمیشە خۆشیانی ویستووە ئەوانیش بە هەمان شێوە خۆشی ویستووە ئەو لە تەنگ وە چەڵەمەکاندا ترشیەکاندا لەگەڵیاندا بوو ، جیهادی دژ بەوا دەکردکە ئەوان جیهادیان دژی راگەیاندبوو، رق و قینی لەو شتانە دەبووە وە کە ئەوان رقیان لێ بوو ، هەمیشە ئامۆژگار و ڕاوێژکار بووە بۆیان ، زۆر لە هەڵوێستەکانی ئەو سێ خەلیفەیە بە پرس و ڕاوێژی ئالو بەیت بەرێوەچووە(الاجري،١٤٢٠هـ ، ٢٣١٢/٥).

لێرەدا چەندەها دەق هەن ئاماژە بەم راستیانە دەکەن و تیایاندا ستایشی هاوەڵان کراوە ناویان هێنراوە وەکو ستایشکردنی أبوبكر الصديق و عمر بن خطاب وعثمان بن عفان و طلحة والزبير و هتد هەندێك لە ستایشانەش ناوی هاوەڵانی تیادا نەهێنراوە بەڵکو ستایشەکە بەگشتی بووە،ئال و بەیت ستایشی خەلیفە أبوبکر و عمر و عثمانی کردووە و بەڕاشکاوی ناویان هێناون کە ئەمانن:

١-لە (كثرا النواء) گێردراوەتەوە کە ووتوویەتی: "بە أبي جعفر الباقرم ووت: فلانەکەس لەعلي بن الحسين ەوە بۆ گێراوەتەوە کە ئەم ئایەتە دەربارەی أبوبكر وعمر دابەزیوە: ﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ إِخْوَانًا عَلَىٰ سُرُرٍ مُّتَقَابِلِينَ﴾( الحجز:٤٧) ووتی: سوێند بەخودا دەربارەی ئەوان دابەزیوە ، منیش ووتم : چ قین بوغزێك مەبەستێتی : ووتی: قین و بۆغزی سەردەمی جاهلیەت ، چونکە بني تيم و بني عدي و بني هاشم لە سەردەمی جاهلیەتدا ئەم جۆرە بوغزوکینەیەیان لە دڵدا هەبووە بەڵام کاتێك کە موسوڵمان بوون خۆشەویستی کەوتە بەبینیانەوە، دەستی خۆی گەرم دەکات بە ئاگر و دەیخاتەسەر قەدی أبوبکر(ابن حنبل،١٤٣٠هـ،١٤٥/١؛ الهيثمي،١٤١٧هـ، ١٦٠/١؛ المتقي الهندي،١٤١٩، ١٩٠/٢) وەك سۆز و بەزەییەك لە على ەوە بۆ أبوبکر.

٢-علي بن أبي طالب هەمیشە عەبایەکی لەبەر دەکرد، پێیووترا: تۆ زۆرئەم عەبایە لەبەر دەکەیت ئەویش ووتی: ئەم عەبایە دیاری دۆست و ماوەك و برادەرم عمر بن خطابە هەمیشە بەگوێرەی ئامۆژگاریەکی خودا کارو ئەرکی جێ بەجێ کردووە، علي بن أبي طالب کە ئەم قسەیەی کرد دەستی بەگریان کرد (الآجري،١٤٢٠هـ، ٢٣٢٧/٥ : ابن عساكر،١٩٩٥، ٣٦٣/٤٤).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣-لە عبدالله بن مالك بن عينة الازدي گێردراوەتەوە كە ووتوويەتی: "كاتێك كە جەنازەكەی عمر بن خطاب مان بە رێكرد و هاتینەوە علي بن أبي طالب چووە ماڵی خۆی و دەست و دەم و چاوی شوشت و ئەوجا هاتەدەرێ و ماوەیەك بێ دەنگ بوو پاشان ووتی: شیوەنكاری عمر كچی أبي ختمة كە دەیووت هەیبرۆ بۆ عمر بژێوی دابین دەكرد، پەیمانی پردە سەر هەیرۆ عمر سوننەتی جێگركرد و فیتنە و شەری دواخست ، سويند بەخودا عمر بن خطاب خێر و چاكەی قۆستەوە و شەڕی وازلێ هێنا هاوەڵەكەی بۆی ڕوانی و ئەویش لەسەر ڕێگای ئەو رۆیشت و قافڵەكەش كۆچی كرد و لەسەر رەیگایان بەجهێشتن كە گومراهـ ناگەیەنێتە مەبەست"(ابن شبة النميري ،١٤١٧هـ ، ٩١/٢)، ئەمەش هەروەك ئەوە وایەكە لە(نهج البلاغه)داهاتووە، كە تیایدا علي بن ابي طالب ستایشی عمر الفاروق دەكات و دەڵێت:" ستايشی عمر بن خطاب دەكەم سوێند بەخودا چەوت و گرفتەكانی راست كردەوە و دەردەكانی چارەسەر كرد و فیتنە و شەری دواخست سوونەتی جێگركرد؛ بە پاك و پاكژی گوزەری كرد، كەئەوەش خێرەكەی قۆستەوە و پێش شەركەوت و بەرێ لێ گرتن، گوێرایەڵی بۆ خودا كرد و جێ بەجێ كردنی مافەكان چەسپاند(ابن أبي الحديد،١٩٥٩، ٣/١٢)،ئەم ستايشكردنەش ئاماژەیەكە بۆ خۆشەويستی و ڕێز و قەدر زانی علي بن ابي طالب بۆ عمر بن خطاب، لێرەدا علي لەناو ئاپۆرانی خەڵكدا ڕایدەگەیەنێت بە دەنگ بەرزی كە عمر بن خطاب كێشەو گرفتەكانی راست كردەوە و نەخۆشیەكانی چارەسەركرد و پەیرەوی لە سوننەتی پێغەمبەر كردووە و شەرەكانی دواخست و فیتنەو شەر و شۆری وەلا ناوە و پاشان بەكارە چاكەكانی چووە بەر بارەگای خودا و دەستی ئالودەنەبوو بە كوشتن و خوێن رێشتن ، و سیستەمی لە كەسی نەكرد.

٤-ابن عباس ووتویەتی راوەستابووم لە ناوچەنە كەسانێك كە دوعايان بۆ عمر بن الخطاب دەكرد لەو كاتەی كە برينـدار بوو لەسەر زەوی ڕایانكشاندبوو ، لەم كاتەدا پیاوێك لە دوامەوە ڕاوەستابوو دەستی خستەسەر شانم و دەیووت. خودا روحمت لێ بكات تەمەننام دەكرد كە خودا بتكاتە رێزی هەردوو برادەرە چونكە من زۆر جار گوێم لە پێغەمبەر(ﷺ) دەبوو كە دەیگوت: من و أبوبكر و عمر ، ئاوهامان كرد لەگەڵ أبوبكر وعمر ، من أبوبكر و عمر دەرچووین تەمەننان دەكەم خودا لەگەڵ ئەوانتدا يەكت بخات، رووم وەرگێرا بينم كە على بن أبي طالب ە، ئەمەش روونكردنەوەیەكە بۆ ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێزو خۆش ویستنەیە کە علی بن أبي طالب لە عمر بن خطاب گرتووە هەروەها ئال وبەیتش بەهەمان شێوە(البخاري، ١٤٠٧هـ، ٣م/١٣٣٨: مسلم،د.ت ،١٣٣٨/٤).

٥-کاتێك عمر بن خطاب کۆچی دوایی کرد علی بن أبي طالب چووە سەر جەنازەکەی کە داپۆشرابوو و علی بن أبي طالب ووتی: صەلەواتی خودات لەسەر بێت پاشان ووتی: خوازیارم بچمەبەر بارەگای خودا بە لاپەڕەی چاکەکانی ئەم داپۆشراوە( ابن سعد.د.ت،٣٧٠/٣ ؛ ابن حنبل،١٤٠٣، ٢٦٥/١).

٦-علی بن أبي طالب لە ستایشی کردنی عثمان بن عفان دا ووتوویەتی:"شتێك نازانم کە تۆ نەتبیست بێت و شتێك پێ نیشان نادەم کە تۆ نەتزانیبێت، بۆ ئەو شتانە دەزانین کە ئێمە دەیزانین پێش تۆ نەکەوتووین بۆ هیچ شتێك کە هەواڵی پێ ڕاگەیەنین بەتەنهاش شتێکمان نەکردووە کە تۆ ئاگاداری نەبێت و پێت بڵێن، تایبەمەندیەکی تایبەتمان نیە بەبێ تۆ ، تۆ گوێت لە پێغەمبەر(ﷺ) بووە و بوویتە زاوای و أبوبکر الصدیق لە تۆ شایانتر نیە بۆ کارکردن ،عمر بن خطاب یش بەهەمان شێوە ئەتۆ ئەولاتر نیە بۆ کاری خێر ، تۆ بەخزمایەتی لە هەموومان نزیکتری بۆ پێغەمبەر(ﷺ) و نزیکایەتی و زاوایەتیەکەت لەوان زیاترە"(ابن الأثیر،١٤١٥هـ، ٤٣/٣؛ ابن کثیر،د.ت،١٦٦/٧؛ ابن الجوزي، ١٣٨٥هـ، ٤٥/٥). علي بن أبي طالب ووتویەتی من تەمەننا دەکەم کە من و عثمان بن عفان لەو کەسانەیین کە ئەم ئایەتە ئاماژەی پێ کردووە ﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ إِخْوَانًا عَلَىٰ سُرُرٍ مُّتَقَابِلِينَ﴾ الحجز:٤٧(المروزي،١٤١٢هـ،٨٥/١ ؛ ابن عساکر،١٩٩٥، ٤٥٢/٣٩)، هەروەها علي بن أبي طالب هەمان و قسەیەش کردووە دەربارەی طلحة لە کاتی ئامادەبوونی کوڕەکەیدا، هەر کەسێکیش قسەیەی ڕەت کردبێتەوە سەرزەنشتی کردووە(السمعاني، ١٤١٨هـ ، ١٤٣/٣).

٧-جعفر بن محمد لە باوکیەوە گێراوەیەتیەوە کە ووتوویەتی:"پیاوێك لە قورەیشیەکان هاتە لای ئەمیری باوەردارن و پێیووت: گوێم لێبوو بووکە ووتارەکەتدا ووتووە: خودایە چاکمان بکە وەك چۆن خەلیفەکانی ڕاشدینیش چاك کرد ، ئایا ئەو دووانەکێن کە مەبەستتن بەم قسەیە؟ هەردوو چاوی پڕ فرمێسك بوون و ووتی : هەردوو خۆشەویستەکەم أبوبکرالصدیق و عمربن خطاب کە هەردوو پێشەنگی باوەر و شێخی ئیسلام بوون"(السیوطي،١٣٧١هـ،١٣١٧/٧).

٨-الکلینی لە أبي بصیرەوە گێراویەتیەوە کەوتوویەتی:" لەلای ابی عبدالله الصادق دانشتبووم، کە ام خالد هات و مۆڵەتی لێ خواست ، ابوعبدالله پێم ووت : پێت خۆشە گوێت لە قسەی بێت ؟ منیش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ووتم :بەلێ مۆڵەت بە ئافرەتەکە درا و هاتە ژووێ ووتی: منی لەتەنیشت خۆی لەسەر مینبەرەکە دانیشاند ووتی: پاسان ئافرەتەکە هاتە ژوورێ و قسەی کرد بینیمان کە ئافرەتێکی ڕەوانبێژو قسەزانە ، منیش پرسیارم کرد دەربارەی أبوبکر و عمر ئەو بە ئافرەتەکەی ووت: باسیان بکە، ئافرەتەکەشی ووتی: کە دان بە ویلایەتەکەیان بێنم ووتی: بەلێ وویلایەتەکەیان راست و دورست بوو(الكليني،١٠٣٢هـ، ١٠١/٨؛حر العاملي،د.ت،٢٠/ ١٩٧؛ الأمين، ١٣١٧، ٤٧/٣).

٩- ابن عباس دەربارەی ابوبکرالصدیق ووتوویەتی:" خودا ڕەحم بە أبوبکر بکات بەراستی قورئانی بوو، ئارەزووی دونیای نەبوو لە بەدکاری بێ گوێ بوو، نەهی لە خراپە دەکرد شارەزایی باشە لەئایین هەبوو، لە خواترس بوو ئەو نوێژی دەکرد، بە ڕۆژ بەرۆژ بوو ، لە دونیادا سەلامەت بوو ، لەگەڵ خەڵکدا دادپەروەر بوو فەرمانی بە چاکە دەکرد، هەردەم سوپاس گوزاربوو، لەهاتن و چوونیدا یادی خودای دەکرد، بەرژەوەندی خۆی نەدەویست ، لەهەموو هاوەڵان لەرووی خودا پەرستی کەم ویستی و بەو هێز کاری و پاك و بێ گەردی چاکە و باشتر و چاکتر بوو ، هەر کەسێکیش تانەو تەشەری لێ بدات خودا دووچاری ئەفرینی کردووە"(الطبرني،١٤٠٤هـ، ٢٣٨/١٠ ؛ الهيثمي، ١٤٠٧، ١٥٨/٩)، هەروەها لە ستایشی کردنی عمر بن خطاب دا دەڵێت: "خودا ڕەحم بە ابو حفص بکات، سوێند بە خودا پەیمانداری ئیسلامبوو، داڵدەی هەتیوان بوو، بشوێنگەری باوەربوو، داڵدەی لاوازان بوو پشت و پەناکەی زولم لێکراوان و راستخوازان بوو، بۆ خەڵك بووە قەڵا بە لە توندیەکان پشت و پەنابوو، هەقی خودای جێگرکرد بە ئارامی و لێبووردەیی تاکو دەرەئەنجام ئایینی خودا سەرکەوانت و ئاواییەکان رزگارکرد و بووە هۆکاری بڵاوبوونەوەی ناوی خودا لە شار و ئاوگەکان و گردۆڵکەکان و لە دەوروبەر و شوێنەکاندا، دووربوو لە بەد کاری ، چ لەتوندییەکاندا و چ لە کاتی خێروخۆشیدا سوپاس بژێربوو، لە هەموو کاتەکاندا خودای بە زیاد بوون، هەر کەسێك قینی لێ بێت ئەوا تاکو ڕۆژی ڕۆژی دوایی خودا نەفرەتی لێ کردووە"(الطبرني،١٤٠٤هـ، ٢٣٩/١٠ ؛ الهيثمي، ١٤٠٧، ١٥٨/٩)،

١٠-هەروەها پیاوێك لە ئیمامی صادقی پرسیاری کردووە و ووتووتی: (ئەی کوری پێغەمبەر! چی دەڵێت دەربارەی ابوبکر و عمر ئەویش ووتی دووپێشەوای دادپەروەر بوون، هەردووکیان لەسەر راست و دورستی ڕۆیشتن و لەسەر هەقی کۆچی دوایی یان کرد، تاکو ڕۆژی دوایی (ڕەحمەتی خودا یان لێ بێت)( العاملي النباطي،١٣٨٤هـ،١٥٧/٨،محسن الامين،١٥٧/١٣١٧،٨).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم: هەڵویستەکانی ئال و بەیت لە دەربارەیی مافی بەرگری کردن لە خەلیفەکانی ڕاشدین :**

سەرچاوەکانی ئیمامیەت دان بەوە دادەنێن کە جوێندان بە هاوەڵان لە (ابن سبأ) ، وە دەستی پێ کردووە ، ئەم پەرتووکانەی ئیمامیەکان ئاماژە بە وەدەکەن کە یەکەمین کەسی (ابن سبأ) بووە کە تانەی لە أبوبكرالصديق و عمربن خطاب وعثمان بن عفان و هاوەڵان داوە و وتوویەتی گوایا علي بن أبي طالب فەرمانی پێ داوە ئەم کارە بکات(النوبختي،١٤١٢هـ، ص٣٢ ؛ الطوسي،١٤٠٤، ٣٢٤/١)،هەموو ئەندامانی ئال و بەیت گوێیان لەو تانە و رەخنە و جوێنانە نە دەگرت و ڕەتیان دەکردەوە کە بێ رێزی بەرامبەربە هاوەڵان بکرێت و بگرە ئەوان یەکەم کەسی بوون کە بەرگریان لە هاوەڵان دەکرد بەڵگەش لەسەر ئەمە زۆرن کە لێرەدا ئاماژە بە هەندیکیان دەکەین:

١-سوید بن غفلة گێراویەنیەوە و ووتویەتی:"بەلای چەند شیعەیەکدا تێپەریم کە باسی أبوبكرالصديق و عمربن خطاب یان دەکرد و قسەیان پێ دەووتن ، چوونە لای علي بن أبي طالب و پێم ووت ، ئەی میر باوەڕداران بەلای چەند هاوەڵێکتدا رۆیشتم کە باسی أبوبكرالصديق و عمربن خطاب یان دەکرد بە ناشایستەیی ، ئەوان وا گوومان دەبەن کە تۆ شتێکت لە دڵدایە بەرامبەریان ئەگینا بەو شێوەیە بێرێزیان بەرامبەریان نەکرد و ئەو جورئەتە یان نەدەکرد، علي بن أبي طالب ووتی: پەنا بۆ خودا کە شتێکم سەبارەت بەوان لە داڵدا پێت، خودا نەفرەت لەوانە نەبێت کە هەردووك برای پێغەمبەر و هاوەڵی بوون و دەستەراستی بوون. خودا بیانکاتە بەر رەحمەتی خۆی ، پاشان هەستایە سەر پێ بەگریانەوە دەستمی گرت و چووینە مزگەوت ، ئەوجا چووە سەر مێنبەرەکە و لەسەری دانیشتن و ریشی خۆی گرت کە سپی بوو ، تاکو خەڵکان لە دەوروپشتی کۆبوونەوە.پاشان هەستان و شایەتمان هێناو ووتارێکی رەوان و کورت و پوختی دا و پاشان ووتی، کەسانێك هەن کە باسی هەردوو سەروەر و باوکی قوریش دەکەن ، بەڵام من من خۆم لەم باش و خواسە دەپارێزم و بێ بەرێم لەو قسانەی دەیڵێن تەنها باوەڕداری پاك و خۆشیانی دەوێت و بەدکار و خراپ رق و بوغزی بەرامبەریان دەبێت هەردووك بەوەفادار و راستگۆیی هاوەڵایەتی پێغەمبەریان کرد و فەرمانیان دەدا و سزا یان دەدا وەلێ خۆش دەبوون بە فەرمانی ئەو بەهیچ شێوەیەکیش لە کاروکردەوەیان لە فەرمانی پێغەمبەر(ﷺ) لایان نەدەدا پێغەمبەر(ﷺ) یش هەمیشە بۆچوون ورای ئەوانی لا پەسەندبوو، کە کۆچی دوای کرد رازی بوو لێیان باوەڕدارنیش لێیان رازی بوون ، پێغەمبەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەرمانی بەأبوبكر الصديق دا پێشنوێژی بەهاوەڵان بکات ، ئەویش بۆماوەی نۆ رۆژ پێشنوێژی بۆ کردن کە هێشتا پێغەمبەر(ﷺ) لە ژیاندا مابوو کاتێکیش کە پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی دوایی کرد باوەڕداران کردیانە خەلیفە و ڕەزامەندی خۆیان نەك بە ناچاری ، من یەکەم کەسم لە بني عبدالمطلب کە ڕێکام بۆ ئەرکی خیلافەت بۆ خۆش کرد، بەڵام ئەو خۆی ئارەزووی نەدەکرد و پێی باش بوو کە یەکێك ئەم ئەرکەی لەباتی ئەو بگرتایەتە ئەستۆ، باشترین کەسە لە هەموو بوو بە بەزەیی تر و داناتر و هۆشمەند تر و گەورەتر لە تەمەن و پێشتووتر بوو لە ئیسلام بووندا ، پێغەمبەر بە (میکائیل) شوبهاندی لە رووی بەزەیی و سۆزە وە لە رووی لێبوردەیی و ڕێزەوە بە (أبراهیم) شوبهاندبووی، لەسەر هەمان ڕێچکەی پێغەمبەر(ﷺ) گوزەری کرد ڕەحمەتی خودای لێبێت پاش ئەویش عمر بن الخطاب هاتە سەر ئەرك، داوای فەرمانی موسوڵمانانی کرد تاکو بەم کارە هەڵسێت ، هەندێکیان رازی بوون هەندێکیشیان رازی نەبوون، من لەوانە بووم کە رازی بوون عمر بن خطاب ببێتە خەلیفەی موسلمانان، کاتێك کە بووە خەلیفە ئەوانەی کە حەزیان نەدەکرد عمر خەلیفە بێت ئەوانیش ڕەزامەندیان دەربری و رازی بوون ، ئەرکەکەی بە بەرنامەی پێغەمبەر(ﷺ) بەڕێوەبرد، شوێن پێی پێغەمبەر(ﷺ) بەڕێوەبرد ، شوێن پێی پێغەمبەر و خەلیفەکەی کەوت، سوێند بەخودا دڵناسك و سوزدار بوو بۆ لاوازەکان ، بۆ باوەڕدارانیش یارمەتیدەر و هاوکاربوو و سەرکەوت هێنەر بۆ موسڵمانان ستەمزە دەکان بوو بەسەر ستەمکاراندا بە بۆ خودا لە لۆمەی لۆمەکاران نەدەترسا خودا هەقی لەسەر زمانی ئەو جێگیرکردووە؟ڕاستگۆیی گرتەئەستۆی خۆی، وا لێ هات وابزانین کە فریشتەیەکە لەسەر زاری ئەو قسەدەکات ، خودا ئیسلام بەو بەهێز کرد کۆچەکەی بۆ ئایین کردە کۆڵەکە ، بەرامبەر عمر خودا ترسی خستە دڵی بێباوەڕەکانەوە خۆشەویستنیش کردە دڵی باوەڕدارانەوە، لەڕووی توندی و ڕەقیەوە بەسەر دوژمناندا پێغەمبەر(ﷺ) عمر بن خطاب ی بە (جبرائیل) شوبهاندووە ، هەروەها لە رووی بوغزی بێباوران بە (نوح) پێغەمبەر شوبهاندبووی، زەحمەتیەکانی لە گوێرایەڵی خودا دا پێ باشتربوو خۆشی و شادیەك کە لە سەرپێچی خودا دابێت ، ئایا کێ هەیە وەك ئەوان بن بۆتان ، ڕەحمەتی خودا یان لێ بێت و پەیرەوکردن لێ یانمان بەنیسیب بکات ، کەسێك وەك ئەوانی پێ ناکرێت مەگەر بە پەیرەو کردن لێیان و خۆشویسیتان ، ئەوەی منی خۆشدەوێت دەبێ ئەوانیشی خۆش بوێت، هەر کەسێکیش خۆشیانی نەوێت ئەوا رقی لێم دەبێتەوە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و خۆشمی ناوێت و منیشی لەوانە بێ بەرێم كە كە دەڵێت:" باشترین كەسی پاش پێغەمبەر(ﷺ) أبوبكر و عمر ە خوداش لە هەمووان باشتر دەزانێت خێر لە گوێرایەلی خودا لە هەموو لایەكمان خۆشی بێت"(اللالكاني،١٤٠٢هـ ، ١٢٩٥/٧ ؛ الطبري،١٩٩٦، ٣٧٥/١) ، ئەم ووتارە لەبنەرەتدا بۆ بەرگریكردنە لە أبوبكر الصديق وعمر بن خطاب كە تیایدا ستایشی و سۆزی زۆر بۆ ئەو دوو خەلیفەیە دەردەبڕێت و پلە و پایەیان دیاری دەكات و باسی لەو دەكات كە بەیعەتی داونەتێ بەرەزامەندی خۆی ، ئەوكاتەی كە دەربارەی أبوبكر دەڵێت: بە ئارەزووی خۆیان بەیعەتیان دایێ نەك بە ناچاری، من یەكەم كەسی بوو بەربەستم شكاند لە نەوەی عبدالمطلب، بەڵام ئەو خۆی ئارەزووی لێ نەدەكرد و حەزی دەكرد یەكێكی دیكە ئەو ئەركەی تایبەتە بكرێتە ئەستۆ دەربارەی عمر یش دەلێت: پاش ئەو عمر بن خطاب بووە خەلیفە، داوای فەرمانی موسولمانانی كرد بۆ ئەم ئەركە هەندێكیان رازی بوون هەندێكی دیكەشیان رازی نەبوون ، من یەكێك بووم لە لەوانەی رەزامەندبوون كەواتە ئەمە ئەوپەری رازی بوون و خۆشەویستی دەگەیەنێت لە ئال و بەیتەوە بۆ هەردوو خەلیفە.

٢-حفص بن قیس گێراوتیەوەو دەڵێت: " لەعبدالله بن الحسين پرسی؟ دەربارەی سرینەوە گۆری ئەویش ووتی: بسڕەوە چونكە عمر بن الخطاب یش گۆری سریوەتەوە، ووتی، منیش ووتم: من پرسیار لە تۆ دەكەم دەربارەی سرینەوە؟ ئەویش ووتی: باسی عمر بن الخطاب دەكەم تۆش دەپرسی من رام چیە ، عمر لەمن و هەموو دونیا باشترە بوو؟ منیش ووتم : ابا محمد كەسانێك هەن ئەمەی دەیلێیت (تقیە) یە ، ئەوش ووتی: پێمی ووت: لەنێوان گۆر و مینبەردا بووین خودا شایەتی كە ئەمە قسەی منە چ ئاشكرا وچ نهێنی ، گوێ لە كەسی دی مەگرن پاش من ، پاشان ووتی: گوێ لەكەسی دی مەگرن پاش من ، پاشان ووتی: ئەوە كێیە كە دەڵێت عەلی فەرمانی پێغەمبەر(ﷺ) ی جێ بەجێنەكردووە ؟ با بە بێت ئەم بەكەمزانیە دەربارەی علي كە دەلێت فەرمانی پێغەمبەر جێ بەجێ نەكردووە(ابن عساكر،١٩٩٥، ٢٧٥/٢ ؛ ابن حجر الهيثمي،١٤١٧هـ ، ١٥٥/١، المجلسي،١٤٠٣هـ، ٣٥٥/٤٧).

٣-چەند كەسێك لە عێراقەوە هاتنە لای زین العابدين على بن المحسين و باسی أبوبكر و عمر عثمان یان كرد ، ئەویش لەوەڵامدا ووتی : ئایا ئێوەن قورئان باسی كردوون كە دەلێت ئێوەی موهاجرەكانی یەكەم كەلە ماڵ و حاڵی خۆیان دەركران و مەبەستیان دەستكەوتنی خێرو چاكەی خودا و ڕەزامەندیەتی، ئەوانە راستگۆكانن؟ ئایا ئەمانەی قورئان باسیانی كردووە ئێوەن؟ ئەوانیش ووتیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخێر، ئایا ئێوە لە شوێنگەی ئیمان و باوەڕدا قەرارەگیربوونە پێش ئەوان و ئەوانەیان خۆش دەوێت كە كوچیان كرد بۆ لایان ، هیچ نیازمەندیەك كە لە دڵیاندانیە لەوەی دراوە پێیان و هەرچەندە هەژار و نەداریش بن هەر خێر دەكەن و لەماڵ و موڵكی خۆیان دەبوورن بۆ فەقیران ؟ ووتیان نەخێر، ئایا ئێوە بەرین لەم دوو گروپەكە قورئان ناویان دەهێنێت و ستایشیان دەكات؟ من شایەتی دەدەم كە ئێوە لەو كەسانەن كەخودا دەربارەیان دەرفەرمووێت: ﴿والذين جاءوا من بعدهم يقولون ربنا اغفر لنا ولإخواننا الذين سبقونا بالإيمان ولا تجعل في قلوبنا غلا للذين آمنوا ربنا إنك رءوف رحيم﴾ الحشر:١٠،(ابو نعيم الٲصبهاني،١٤٠٥هـ، ١٣٧/٣ ؛ابی فتح الٲربلي،١٤٠٥هـ، ٢٩١/٢)، كاتێك كە ابو جعفر محمد الباقر دەربارەی ئەم مەسەلەیە پرسیاری لێ كرا لەوەڵامەدا ووتی: (خودا بمكا بە قوربانت ئایا أبوبكر و عمر هیچ ستەمێكیان لێ كردی؟ ئەویش ووتی: قەسەم بەوەی كە قورئانی دابەزاندووە هیچیان ستەمیان لێمان نەكرد و مافی خۆمانیان داپێمان منیش ووتم: ئایا بیانكەمە هاوڕێ؟ ووتی: بەڵێ لە دونیا و لە كۆتاییدا برادەریان بكە هەرچیەكت لێ هات ئۆباڵت بەگەردنم(ابن أبي الحديد،١٩٥٩، ٢٢٠/١٦).

٤-زيد بن على بن الحسين دەربارەی (فدك) هەر ئەو قسانەی كرد كە علي بن أبي طالب ووتبووی ، لە میانەی بەرگری لە هەڵوێستەكەی أبوبكر لەمەسەلەی (فدك) دا ووتی: أبوبكر پیاوێكی بە روحم بوو قینی لەوە بوو كە شتێك بكات پێغەمبەر(ﷺ)نەیكردبێ ، پاشان ووتی : سوێند بەخودا ! گەر بارودۆخەكە وەك خۆی لێ پێتەوە لەو مەسەلەیە وەك أبوبكر بریارم دەدا(الجوهري البصري،١٤١٣،ص١١٠).

ابو جعفر محمد بن على الباقر پرسیاری لێ كرا دەربارەی رازاندنەوەی شمشێر ؟ ئەویش ووتی : بەلێ ، أبوبكر الصديق شمشێرەكەی خۆی دەرازاندەوە ، ووتم : دەڵێ الصديق؟ ووتی : كەمێك وەستاو چووە بەرامبەر كەعبە و ووتی: بەڵێ الصديق ؟ بەڵێ الصديق ، گەر یەكێك پێی نەڵێت الصديق خودا قسەكانی نە لە دونیاو نە لە رۆژی دوایی خوای گەورە لێ خۆش نابێت(ابو نعيم الٲصبهاني،١٤٠٥هـ، ١٨٥/٣).

**سێیەم: هەڵویستی ئال و بەیت بەرامبەر بە مافی ئامۆژگاریکردنی خەلیفەکان و پێشکەشکردنی راوێژ بۆیان:**

ئال و بەیت هاوەڵانی پێغەمبەریان زۆر خۆش ویستووە بۆیە هەمیشە پاڵپشتیان بوونە و راوێژ و ئامۆژگاریان بۆ پێشکەشی کردوونە ئەویش بەگوێرەی بنەما و پرنسیپەکانی قورئان و سوننەت ، لێرەدا چەند نموونەیەك باسی دەکەین لەو بوارەدا:

١-علي بن أبي طالب هەمیشە پاڵپشتی لە پێگەی خیلافەت کردووە و دژ بە پەرتەوازەیی و پەرت بوونی موسولمانان بووە ، کاتێك کەأبوبکر الصدیق دەچێتە(ذی القصة) بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵگەراوەکان بەسەرۆکایەتی سوپایەك ، لەم بارەیەوە ابن عمر دەگرێتەوە و دەڵێت: علي بن أبي طالب بە أبوبکرالصدیق ی ووتووە ئەوەی کە پێغەمبەر پێیووت لە رۆژی ئوحد منیشی پێت دەڵێمەوە کە پێیووت: شمشێرەکەت لابەرە و دڵتەزێنمان مەکە بەمردنی خۆت و بگەرێوە بۆ شاری مدینة ، چونکە گەر بەمردنت کارەساتبارین ئیدی سیستەمی فەرمانرەوایی تێکدەچێت ئەوە بوو أبوبکر گەرایەوە(ابن کثیر،د.ت،٦/٣١٤-٣١٥) لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە عەلی چەندە أبوبکری خۆشویستووە و بۆمان چەندە پابەندیش بووە بە پێگەی خەلافەتەوە، لێرەدا مردنی بۆ أبوبکر ی بەکارەسات لە قەڵەم داوە، بۆیە ئەو قسەیەی ئیمامیەکان رەت دەکەیتەوە کە گوایا علي بە ناچاری بەیعەتی بە أبوبکر داوە ، گەر وابوایە عەلی ئەم دەرفەتەی دەقۆستەوە بۆ ئەوەی خۆی خیلافەتەکە بەدەست بهێنێت.

٢-کاتێك کە هەڵگەراوەکان کێشەیان دروست کرد لەسەردەمی أبوبکر بۆچوون و هەلۆیستی علي وابوو کە شەڕیان لەگەڵدا بکرێت ، أبوبکر بە علي ووت: أبالحسن رات چیە دەربارەی ئەم کێشەیە؟ ئەویش ووتی: گەر وازیان لێبێنێت و ئەو شتانەیان لێ وەرنەگرێت وەکو پێغەمبەر کەواتە تۆ لە سوننەتی پێغەمبەر لات داوە ، أبوبکر لێرە دا ووتی : لەسەر قسەکەی تۆ شەڕیان لەگەڵدا دەکەم تەنانەت لەسەر جڵەوێکیشی لەگەڵیاندا دەجەنگم(الطبري،١٩٩٦، ٢/٤٥)

٣- الیعقوبي لە پەرتووکە مێژووییەکەیدا سەردەمی خیلافەتی ابوبکرالصدیق باسی دەکات و دەڵێت: أبوبکر دەیویست شالاو بەرێتە بەرئیمپراتۆریەتی رۆم بۆ ئەم مەبەستەش بە چەند هاوەڵێك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕاوێژی کرد ، پاشان ڕاوێژی بە علي کرد و ئەویش پێی باش بوو کە شەڕ دژی ڕۆمەکان بکرێت و ووتی: گەر ئەم شەرە بکەیت سەردەکەوێت ئەویش ووتی : مژدەت بە خێردا ، أبوبکر لێرەدا هەستاو ووتارێکی دا وتیایدا فەرمانیدا کە هاوەڵان خۆیان ئامادە بکەن بۆ جەنگی ڕۆمەکان(د.ت، ٢/١٣٢-١٣٣). هەروەها لەسەردەمی خەلیفەی دووەمدا عمربن الخطاب ڕاوێژ بەعلي بن ابي طالب کرد دەربارەی ئەوەی بەخۆی سەرکردایەتی سوپای موسوڵمانان بکات بۆ شەڕکردن لەگەڵ فارسەکان، علي لێرەدا ووتی: ئەم دینە سەرکەوتن و شکست هێنانی بە زۆری و کەمی نەبووە لەسەرەتاوە ، ئەم ئایینە لەخواوەیەو بۆ خوایە، خوداشی بەڵێنی خۆی بەسەردەبات و سەربازانی خۆی سەردەکەوێتنێت، عەرەبەکان هەرچەندە ئەمرۆ ژمارەیان کەمە بەڵام زۆرن بەئیسلام ، بەکۆبوونەوەیان بەهێزن، ببەرە تەوەرێک کە هەموو عەرەب لە دەورۆپشتت کۆببنەوە ، گەر تۆ لەم شوێنەت دەربچێت هەموو عەرەب گەلە کۆمەڵ لەسەر دەکەن، تاوەکو وای لێ دێت ئەو شتانەی لە پاش خۆت بە جێی دێلێت لەو ئەرکە گرنگتر دەبێت کە لەبەر دەستتدایە، عەجەمەکان لەو کاتەی دەردەچن بۆ شەڕ لە دژیان دەڵێن ئەمە بن و بنەچەی عەرەبە گەر بیکوژن کۆتایی بەم شەڕە دێت و ئێوەش دەحەوێنەوە و ڕزگارتان دەبێت لەم حاڵەتەدا زیاتر گەلە کۆمەڵ لێ دەکەن و تەماحیان زیاتر دەچێتە کوشتنت(ابن الأثیر،١٤١٥هـ،٢/٢١٣ ؛ ابن الحدید،١٩٥٩، ٢/٢٩)، لەم ووتارەوە بۆمان دەردەکەوێت کەعلي جندە عمر ی خۆشویستووە و چەندە دڵگران بووە بەوەی کە عمر خۆی بچێتەبەر بەرەکانی شەڕ نەکە خوانەخواستە ئەزیەتی بەرکەوێ یاخود بکوژێت، علي پێی باش بووە عمر بمێنێتەوە و بەخۆی سەرکردایەتی ئەو سوپایە نەکات کەدەچن بۆ شەڕکردن لەگەڵ فارسەکان؛ بەپێی سەرچاوەکان عمربن خطاب سوور بووە لەسەر ئەوەی خۆی بچێتە مەیدانی شەڕ بەڵام علي بن أبي طالب لەو سوورتر دەبێت و لێی قەدەغە دەکات کە خۆی بچێتە بەرەکانی شەڕەوە، علي بن أبي طالب لەسەردەمی عمربن خطاب دا هەمیشە پارێزگاری لە خیلافەت کردووە و ویست و خواستی ئەوەبووە کە هیچ مەترسیەکی تووشی نەبێت و وەك چاودێرێك وا بووە بۆی کە ژیان و پلە و پێگەو بەرژوەندیەکانی خیلافەتەکەی عمر بن خطاب ی پاراستووە بە هەموو شێوەیەك.

## ئەنجام :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتنە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١-بیرو رای جیاواز هەیە لە نێوان زانایان لەسەر دیاری کردنی ئاڵ وبەیتی پێغەمبەر(ﷺ)، هەندێك زانایانی ئیسلام پیان وایە ئالوبەیت ئەوانن کە خێر و سەدەقەیان لێ حەرام کراوە کە ئەوانیش بنو هاشم و بنو المطلب،هەندێك لەزانایان پێان وایە ئالوبەیت نەوەکانی پێغەمبەر(ﷺ)، خێزانەکانی بەتایبەتی،رایەکی تریش هەیە پێان وایە ئاڵی پێغەمبەر (ﷺ)، شوێنکەوتووانی پێغەمبەرن(ﷺ)، تا رۆژی دوایی.

٢-شعیەکان پێیان وایە مەبەست لە ئالو بەیت هەر پێنج هاوەلانی( کساء ) دەکرێتەوە ئەوانیش علی و فاطمة و الحسن و الحسین هەموو ئەوانەش کە نەوەی یەك لە دوای یەکی فاطمة الزهراء و أبي الحسنین ، مەبەست لە ئەهلی بەیتیش بنەجەکەیە نەك هاوسەرەکانی.

٣-خۆشەویستی خەلیفەکانی ڕاشدین و سوزداری پەیرەوکردنی ئاکار و رەفتارەکانیان یەکێکە لە ئەرك و فەرمانەکانی سەرموسڵمان، ئەندامانی ئال و بەیت هەردەم پشتگیر و وەلای خۆش ویستنیان هەبووە بۆ خەلیفەکانی ڕاشدین، .

٤-ئال و بەیت رۆلیکی بەرچاوەیان هەبووە لە بەریوەبردنی خەلافەت لەسەردەمی خەلیفەکانی راشدین لە رووی لایەنی پرس و راوێژ و دادوەری هەروەها هەردەم هانی خەلیفەکانیان داوە بۆ بەرەنکار بوونەوە ئیمراتۆریەتی رۆمەکان و فارسەکان چەسپاندنی ئاینی ئیسلام لە ناوچەکە دا.

٥-هەموو ئەندامانی ئال و بەیت دانیان بە خەلافەتی هەرسێ خەلیفەکە داناوە،خەلافەتی ئەوانیان بەراست و دورست زانیوە، هەرگیز راز نەبووە قسە و تانە بەرامبەریان بکرێت و هەردەم ئەوانیان بە پێشەنك زانیووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## لیستی سەچاوەکان :


1. القران الكريم
2. ابن الأثير (المحدث): أبو السعادات المبارك بن محمد بن محمد عبدالكريم الشيباني الجزري (ت: ٦٠٦هـ/١٢١٠م) ١٣٩٩هـ، النهاية في غريب الحديث والأثر، تحقيق: طاهر أحمد الزاوى ومحمود محمد الطناحي، المكتبة العلمية، بيروت.
3. ابن الأثير:عزالدين أبي الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبد الكريم الشيباني (ت:٦٣٠هـ/١٢٣٣م)، ١٤١٥هـ، الكامل في التأريخ، تحقيق: عبد الله القاضي، دار الكتب العلمية، بيروت.
4. الآجري: أبو بكر محمد بن الحسين بن عبدالله (ت:٣٦٠هـ/٩٧٠م):١٤٢٠هـ الشريعة، تحقيق: الدكتور عبد الله بن عمر بن سليمان الدميجي، دار الوطن، الرياض.
5. البخاري: أبو عبدالله محمد بن إبراهيم بن إسماعيل الجعفي (ت: ٢٥٦هـ/٨٧٠م) ١٤٠٧هـ، الجامع الصحيح المختصر، تحقيق: د. مصطفى ديب البغا، الطبعة الثالثة، دار ابن كثير/ اليمامة، بيروت.
6. أبي بكر الجوهري: اسماعيل بن حماد(ت: ٣٩٣هـ/٩٤٠م)،١٤١٣هـ، السقيفة فدك، تحقيق: محمد هادي الاميني، شركة الكتبي للطباعة والنشر،بيروت-لبنان.
7. الترمذي: أبو عيسى محمد بن عيسى بن سورة السلمي (ت: ٢٧٧هـ/٨٩٢م)،د.ت ، سنن الترمذي (الجامع الصحيح)، تحقيق: أحمد محمد شاكر، دار إحياء التراث العربي، بيروت.
8. ابن تيمية: أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبدالسلام الحراني (ت: ٧٢٨هـ/١٣٢٨م)،١٤٠٦هـ ،منهاج السنة النبوية، تحقيق: د. محمد رشاد سالم، مؤسسة قرطبة، د . م.
9. ابن الجوزي: أبو الفرج عبد الرحمن بن علي بن محمد القرشي (ت: ٥٩٧هـ/١٢٠١م)،١٣٥٨هـ ،المنتظم في تأريخ الملوك والأمم، الطبعة الأولى، دار صادر، بيروت.
10. الجوهري: إسماعيل بن حماد،(ت:٣٩٣هـ/١٠٠٣م)،١٠٤٧م،الصحاح تاج اللغة العربية،تحقيف:أحمد عبدالغفور،دار العلم،بيروت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

11.الحاكم النيسابوري: أبو عبدالله محمد بن عبدالله بن حمدوية (ت: ٤٠٥هـ/١٠١٤م)،١٩٩٠م، المستدرك على الصحيحين، تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت.
12.ابن حبان: أبو حاتم محمد بن حبان بن أحمد بن حبان التميمي البستي (354هـ/965م),1433هـ ,صحيح ابن حبان,المحقق: محمد علي سونمز، خالص أي دمير ، دار ابن حزم ،بيروت .
13.ابن حجر العسقلاني: أبو الفضل أحمد بن علي بن محمد الكناني الشافعي (ت٨٥٢هـ/١٤٤٩م) ، (د. ت) فتح الباري شرح صحيح البخاري، تحقيق: محب الدين الخطيب، دار المعرفة، بيروت.
14.ابن حجر الهيثمي: أبو العباس أحمد بن محمد بن علي (ت: ٩٧٣هـ/١٥٦٦م)،١٤١٧هـ، الصواعق المحرقة على أهل الرفض والضلال والزندقة، تحقيق: عبد الرحمن بن عبد الله التركي وكامل محمد الخراط، الطبعة الأولى، مؤسسة الرسالة، لبنان.
15.ابن أبي الحديد: أبو حامد عبدالحميد بن هبة الله بن محمد بن الحسين (ت: ٦٥٦هـ/١٢٥٨م)،١٩٥٩م، شرح نهج البلاغة، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، الطبعة الأولى، دار إحياء الكتب العربية.
16.ابن حنبل: أبو عبد الله أحمد بن محمد الشيباني الوائلي (ت: ٢٤١هـ/ ٨٥٥م)١٤٠٣هـ ، فضائل الصحابة، تحقيق: د. وصي الله محمد عباس، الطبعة الأولى، مؤسسة الرسالة، بيروت.

a. ١٤٢١هـ، مسند الإمام أحمد،تحقيق: شعيب الارناوط – عادل مرشد، مؤسسة الرسالة.

17.الخطيب البغدادي: أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت (ت: ٤٦٣هـ/١٠٧٢م)،١٤١٧هـ، تأريخ بغداد، دار الكتب العلمية، بيروت.
18.الخليلي: جواد جعفر،د.ت ،الامام علي(ع).
19.الذهبي: أبو عبدالله شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز (ت: ٧٤٨هـ/١٣٤٨م)،١٤٢٧هـ، سير أعلام النبلاء، دار الحديث،القاهرة.
20. الراغب الأصفهاني، أبو القاسم الحسين بن محمد بن المفضل (ت: ٥٠٢هـ/١١٠٨م)،د.ت ،مفردات غريب القرأن،تحقيق،محمد السيد الكيلاني،دار المعرفة،لبنان.

21. زهير البيطار: ١٤٢٢هـ، والامامة تلك الحقيقة القرانية،دار السيرة، بيروت.
22. السمهودي:علي بن عبدالله الحسني(٩١١هـ/١٥٠٥م)،د.ت، 155) جواهر العقدين في فضل الشرفين شرف الحلم الجلي والنسب العلى،تحقيق/مصطفى عبدالقادر عطا،دار الكتب العلمية،بيروت .
23. السيوطي، جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر بن محمد ابن سابق الدين (ت: ٩١١هـ/١٥٠٥م)،١٩٩٣م، الدر المنثور، دار الفكر، بيروت.

a. ١٣٧١ هـ ، تأريخ الخلفاء، تحقيق: محمد محي الدين عبد الحميد، الطبعة الأولى، مطبعة السعادة، مصر.

24. ابن شبة النميري: أبو زيد عمر البصري (ت: ٢٦٢هـ/٨٧٦م)١٤١٧هـ ، تأريخ المدينة المنورة (اخبار المدينة)، تحقيق: علي محمد دندل وياسين سعد الدين بيان، دار الكتب العلمية، بيروت.
25. الشوكاني:محمد بن علي محمد(ت: ١٢٥٥هـ/١٨٣٩م)،١٩٧٣م، نيل الاوطار شرح منتقي الاخبار،دار جيل، بيروت.
26. الشيخ الطوسي: أبو جعفر محمد بن الحسن بن علي بن الحسن (ت ٤٦٠هـ/١٠٦٨م) ١٤٠٤هـ، اختيار معرفة الرجال، تحقيق: السيد مهدي الرجائي، تصحيح وتعليق: مير داماد الأسترابادي، مؤسسة آل البيت عليهم السلام لإحياء التراث الكتاب، مطبعة بعثت، قم.
27. صالح الورداني،١٤١٩هـ، عقائد السنة و عقائد الشيعة التقارب والتباعد، الغدير للدراسات والنشر،بيروت.
28. الصنعاني: أبو بكر عبد الرزاق بن همام (ت: ٢١١هـ/٨٢٧م)،١٤٠٣هـ، المصنف، تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي، الطبعة الثانية، المكتب الإسلامي، بيروت.
29. الضياء المقدسي: محمد بن عبدالواحيد بن احمد بن عبدالرحمن بن أسماعيل بن المنصور(ت٦٤٣هـ/١٢٤٥م)،١٩٧١م، صحاح الاحاديث فيما اتفق عليه أهل الحديث،تحقيق و تعليق:د. حمزة أحمد الزين، دار الكتاب،بيروت،لبنان .

30.الطبراني: أبو القاسم سليمان بن أحمد بن أيوب (ت: ٣٦٠هـ/٩٧٠م)،١٤٠٤هـ،المعجم الكبير، تحقيق: حمدي بن عبدالمجيد السلفي، الطبعة الثانية، مكتبة الزهراء، الموصل.
31.الطبري: أبو جعفر أحمد بن عبد الله بن محمد (ت: ٦٩٤هـ/١٢٩٥م)، ١٩٩٦م، الرياض النضرة في مناقب العشرة، تحقيق: عيسى عبد الله محمد مانع الحميري، الطبعة الأولى، دار الغرب الإسلامي، بيروت.

a. د.ت، ذخائر العقبى في مناقب ذوي القربى، دار الكتب المصرية، مصر.

32.العاملي النباطي: زين الدين محمد بن علي،١٣٨٤هـ،الصراط المستقيم، مستحقي التقديم، المكتبة المرتضوية لاْحياء الاثار الجغرافية،مطبعة الحيدري.
33.العاملي:علي الكوراني،١٤٢٣هـ، الانتصار،دار السيرة،بيروت.
34.عبدالحليم الجندي، ١٣٩٧هـ، الإمام جعفر الصادق،د.م.
35.عبدالله شبر، ١٤٠٣هـ، الانوار اللامعة في شرح الزيارة الجامعة، مؤسسة الوفاء،بيروت-لبنان.
36.ابن عساكر: أبو القاسم علي بن الحسن إبن هبة الله بن عبد الله الشافعي (ت: ٥٧١هـ/١١٧٦م)،١٩٩٥م، تأريخ مدينة دمشق وذكر فضلها وتسمية من حلها من الأماثل، تحقيق: محب الدين أبي سعيد عمر بن غرامة العمري، دار الفكر، بيروت.
37.علاءالدين المرداوي:أبو الحسن علي بن سليمان بن أحمد(ت: ٨٨٥هـ/١٤٨٠م)، د.ت ، الإنصاف في معرفة الراجح من الخلاف علي مذهب الإمام أحمد بن حنبل،تحقيق: محمد حامد الفقي، دار إحياء التراث العربي، بيروت.
38.على عاشور،د.ت طهارة آل محمد عليهم السلام.د.م.
39.ابن فارس: أبو الحسين أحمد بن فارس بن زكريا الرازي (ت: ٣٩٥هـ/١٠٠٤م)١٤٢٠هـ، معجم مقاييس اللغة، تحقيق: عبد السلام محمد هارون، الطبعة الثانية، دار الجيل، بيروت.
40.ابن أبي الفتح الإربلي: أبي الحسن علي بن عيسى (ت: ٦٩٣هـ/١٢٩٤م)،١٤٠٥هـ، كشف الغمة، الطبعة الثانية، دار الأضواء، بيروت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

41. الفراهيدي: الخليل بن أحمد بن عمرو بن تميم (ت: ١٧٥هـ/٧٩١م)، ١٤١٠م ،كتاب العين، تحقيق: د. مهدي المخزومي ود. ابراهيم السامرائي، دار ومكتبة الهلال.
42. ابن قيم الجوزية: أبو عبد الله شمس الدين محمد بن أبي بكر بن أيوب الزرعي الدمشقي (ت:٧٥١هـ/١٣٥٠م)،١٠٤٧هـ، جلاء الافهام،تحقيق:شعيب الارناؤط-عبدالقادر الارناؤط، دار العروبة،الكويت.
43. ابن كثير: أبو الفداء إسماعيل بن عمر القرشي (٧٧٤هـ/١٣٧٣م)،د.ت، البداية والنهاية، مكتبة المعارف، بيروت.

a. ١٤٠٢هـ، تفسير القرآن العظيم، دار الفكر، بيروت.

44. الالباني: محمد ناصرالدين ،د.ت ، سلسلة الأحاديث الصحيحة، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، الرياض .
45. الكليني: الإمام أبو جعفر محمد بن يعقوب بن اسحق الرازي (ت ٣٢٩هـ/٩٤١م)،١٣٠٢هـ، الأصول من الجامع الكافي، اهتم بتصحيحه ومقابلته مع اصله محمد علي الموسوي الكنتوري، مطبعة اوده اخبار، (د . م).
46. اللالكائي: أبو القاسم هبة الله بن الحسن بن منصور الطبري الرازي (ت: ٤١٨هـ/١٠٢٧م)، ١٤٢٣هـ،شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة من الكتاب والسنة وإجماع الصحابة، تحقيق: د. أحمد سعد حمدان، دار طيبة، الرياض.
47. المتقي الهندي، علاء الدين علي المتقي بن حسام الدين بن قاضي خان القادري (ت: ٩٧٥هـ/١٥٦٧م) ١٤١٩هـ، كنز العمال في سنن الأقوال والأفعال، تحقيق: محمود عمر الدمياطي، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت.
48. المجلسي: الشيخ محمد باقر (ت: ١١١١هـ/١٦٩٩م)،١٤٠٣هـ، بحار الأنوار،تحقيق:محمد الباقر البهبودي،دار احياء التراث العربي،بيروت-لبنان.
49. محسين الامين:١٣١٧هـ، أعيان الشيعة،تحقيق:حسن الامين،دار التعارف للمطبوعات،بيروت-لبنان.

50.مروان خليفات: وركب السفينة،د.ت ، مركز الغدير للدرسات الاسلامية.
51.ابن منظور: أبو الفضل محمد بن مكرم بن علي الأفريقي المصري (ت: ٧١١هـ/١٣١١م)،د.ت، لسان العرب، الطبعة الأولى، دار صادر، بيروت.
52.ابو نعيم الأصبهاني: أحمد بن عبدالله بن أحمد (ت: ٤٣٠هـ/١٠٣٨م)،١٤٠٥هـ، حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، الطبعة الرابعة، دار الكتاب العربي، بيروت.
53.النوبختي: أبو محمد الحسن بن موسى (ت: ٣٠٠هـ/٩١١م): ١٤١٢هـ، فرق الشيعة، تحقيق: عبدالمنعم حنفي،دار الرشد،القاهرة.
54. النووي: أبو زكريا محي الدين يحيى بن شرف بن مري (ت: ٦٧٦هـ/١٢٧٧م)،١٣٩٢هـ، شرح صحيح مسلم،دار إحياء التراث العربي، بيروت.
55. الهيثمي: أبو الحسن علي بن أبي بكر بن سليمان (ت: ٨٠٧هـ/١٤٠٥م)،١٤٠٧هـ،مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، دار الريان للتراث ودار الكتاب العربي، القاهرة وبيروت.
56.اليعقوبي: أحمد بن أبي يعقوب بن جعفر بن وهب بن واضح (ت:٢٩٣هـ/٩٠٥م)،د.ت، تأريخ اليعقوبي، دار صادر، بيروت.

## Attitude of Al- Al bayt in supporting and praising the Rashidin Caliphs

**Prof. Ahmed Mirza Mirza**
Deparment of History, college of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Regoin-Iraq.
argushy@gmail.com

**Sadraldin Mustafa Qader**
Deparment of History, college of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Regoin-Iraq.
sadraldin.qader@su.edu.krd

**Keywords:** *Caliphs, prophet, Attitude, Successor, Islamic*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

This research the "Attitude of Al- Al bayt in supporting and praising the Rashidin Caliphs" deals with love and praising relationships of the Al-Albayt to the Rashidin Caliphs along with emphasising that the importance of the conducts and behaviours of the rightly gnided Caliphs wich are duties and orders addressed to all muslims,In addition to all these points it is not necessary to talk about the cases and problems existed a many people, rather it is necessary to deal with their right behaviours All these principles were familiar to All- Albayt who completely understood ,followed and applied them practically in their attitudes, unfortunately and after the death of the prophet (peace be upon him) many problems came an the of electing a Caliph as the majority of the followers of Al-Asunna and Jama'at consider Abubakr Assiddiq to be the first of the Muslims Caliphs,But the mejority of the shiite people consider Ali Bin Abi Talib and All-Albayt to be the inheritance of the prophet(peace be upon him), All the All-Albayt members collectively agree that Abubaker Assiddiq and Omer Ibn Alkhattab and Otoman Ibn Affan were worthy to take the Caliphate,Here the Al -Albayt did not pay attention the objections criticisms and abuse against the Rashidin Caliphs and refused them, Moreover the Al-Albayt were the first who defended the Rashidin caliphs because these Caliphs were among the best of the prophets (peace be upon him) as those were guided by Allah and ordered people to pursue them and keep their righteous conduct and acts,The Al-Albayt had an important role during the times of all the three Rashidin Caliphs regarding administration case consulting and judiciary in addition to having closed relations be cause of marriage affairs among A-Albayt and the Rashidin Caliphs,Al-Albayt named their children after the names of Rashidin Caliphs.

---

## (موقف آل البيت في نصرة الخلفاء الراشدين و مدحهم)

**الملخص:**

عنوان الدراسة ( موقف آل البيت في نصرة الخلفاء الراشدين و مدحهم) سنناقش فيها موضوع محبة آل البيت للخلفاء الراشدين و الإعجاب بهم و الدعوة إلى اتباعهم و الاقتداء بسلوكهم، من دون

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

الخوض في المشاكل التي وقعت بين الصحابة، وآثرنا الحديث عن أخلاقهم الحميدة وخصالهم الفريدة لأن الأصل بين الأصحاب هو الوحدة والتآلف والمحبة؛ وأهل البيت قد عرفوا هذه المبادئ و فهموها و اتبعوها جيدا و انعكست في مواقفهم، فبعد وفاة الرسول (صلى الله عليه وسلم) نشب خلاف حول اختيار خليفته، إذ بايع معظم أهل السنة و الجماعة أبا بكر الصديق بالخلافة ليكون الخليفة الأول للمسلمين، بيد أن غالبية الشيعة جعلوا عليا بن أبي طالب و أهل البيت الطاهرين ورثة الخلافة بعد النبي(صلى الله عليه وسلم)، غير أن أهل البيت الذين هم بيت القصيد أجمعوا على أن أبا بكر الصديق و عمر بن الخطاب و عثمان بن العفان أحق الناس بتولي الخلافة، و قضوا بصحة خلافتهم، فلم يولوا تلك الشكاوى أهمية، و رفضوا ازدراء الخلفاء الراشدين، بل كانوا أول المدافعين عنهم، لأنهم خير الصحابة وقد وصفهم النبي صلى الله عليه و سلم بالهداة المهتدين و حث المسلمين على الاقتداء بهم و اتباع آثارهم لأنهم كانوا يحبون أهل البيت و يؤازرونهم دائما و يأخذون بمشورتهم في إدارة الخلافة بما يوافق أصول الكتاب و السنة.